## ئاسۆ جەبار:

# دەبێت پڕۆژە هونەریو مەعریفیو رۆشنبیرییەکان لەنێو شارەکانەوە ببرێنە قەزاو ناحیەو گوندەکان

**هەڤپەیڤین- نەوزاد مەحمود عەبدولکەریم**

رێکخراوی ئاسودە بەهاوکاری وەزارەتی وەرزش و لاوان، دەستی داوەتە پڕۆژەیەکی هونەریو پڕۆژەکەش پێکهاتووە لە کەرناڤاڵی (مافەکان) کە نمایشێکی شانۆیی و پێشانگایەکی کاریکاتێرییەو بڕیاریشە پڕۆژەی گرنگی دیکەی بەدوادا بێت. گرنگی ئەو کەرنەڤاڵە لەوەدایە، کە دەیەوێت شارۆچکەو گوندەکان بگرێتەوە. نووسەرو رۆشنبیر (ئاسۆ جەبار) سەرپەرشتیاری پڕۆژەکە، لەم دیدارەی (میدیا)دا تیشکی زیاتر دەخاتە سەر بابەتەکان.

*** هێنانە دەرەوەی پڕۆژەی رۆشنبیری لەسەنتەری شارەکانەوە بۆ دەرەوەی شار، مۆدێلێکی نوێیە، ئایا ئێوە لەهێنانە دەرەوەی کەرنەڤاڵی (مافەکان) مەبەستتان چییە؟**

–راستە ئەم پڕۆژەیە لەلایەن رێکخراوی (ئاسودە)و بەهاوکاری وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێم هاتووەتە بوون، بەڵام پڕۆژەیەکی سەربەخۆیەو تەعبیرە لە مافە مەدەنییەکان و مافەکانی تاك و ئافرەت و گەنج بەشێوەیەکی گشتی و پێمان وایە کە رەنگە بتوانین لەڕێگە هونەرییەکانەوە زیاتر کاریگەری دروست بکەین، وەك لەڕێگەی سیمینارو کۆڕو ئەو شتانەوە. ئێمە لەو کەرنەڤاڵەدا، شانۆیەك و پێشانگایەکی کاریکاتێرمان هەیە، کە دەمانەوێت لەشارۆچکەو گوندەکانەوە دەست پێبکەین. ئێمە گەیشتوینەتە ئەو قەناعەتەی کە ئیتر دەبێت پڕۆژە مەعریفی و هونەریو رۆشنبیرییەکان لەنێو شارەوە بگوازینەوە بۆ قەزاو ناحیەو گوندەکان.

*** ماوەیەکی زۆرە، کاتێك کە قسە لەسەر دەسەڵات دەکرێت، بەو دیوەشدا گوناهبار دەکرێت کە دەسەڵاتی کوردی جیاوازییەکی گەورەی دروست کردووە لەنێوان شارو دەرەوەی شاردا. ئایا خودی رۆشنبیرە دیارەکانی شاریش درێژە پێدەری هەمان گوناهی دەسەڵات نین، کاتێك کە نایانەوێت بە پڕۆژەکانییان ئاورێك لەدەرەوەی شارەکان بدەنەوە، بەتایبەت گوندەکان، کە بەهەموو شێوەیەك لەکەناردان؟**

– پرسیارەکەت جوانە، بەڵام کێشەکە لێرەدا دوو جەمسەرە. یەکیان دەسەڵاتەو ئەویشیان رۆشنبیرە. بەڵام دەبێت ئەوەش بزانیت کە دەسەڵات نەك هەر حساب بۆ خەڵکانی کەنارو دەرەوەی شار ناکات، بەڵکو حساب بۆ ئیحساس و فەرهەنگ و رۆشنبیری خودی کۆمەڵگەکەش ناکات. حساب بۆ رۆشنبیران و رۆژنامەنوسان و میدیاکان ناکات. دەسەڵات ناوەندێکی تەواو بێئاگایەو ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە کە ئێستا هەموومان بەو دەردەوە دەناڵێنین.

بەنیسبەت رۆشنبیرانیشەوە کە نایەنە دەرەوە، من دەیگێڕمەوە بۆدوو هۆکار، یەکەمیان نەبوونی دەعمێکی ماددیو پشتیوانییەك کە ئەو کەسانە بگەیەنێتە ئەو شوێنانە بۆ فیستیڤاڵ و چالاکی هونەریو رۆشنبیریو کەرنەڤاڵی گەورەو دووەمیش، بۆ بێزاری و بێتاقەتی رۆشنبیرانیش لەدەسەڵات و قسەکردن لەسەر ئەو بوارانەی کە پەیوەندی بەمەعریفەو رۆشنبیریو فەرهەنگییەوە هەیە... لەبەرئەوەی تەداولێکی سەقافی لەنێوان رۆشنبیرانی ناوچەکاندا نییە، ئەمەش وای کردووە، کە ناوەندێکی رۆشنبیری کەمتەرخەم و بێئاگا هەبێت.. دەزانی کە نەبوونی ئەو پەیوەندییە تۆکمەو تۆڕبەندیو جددیە لەنێوان خودی رۆشنبیرانیشدا، چ حاڵەتێکی نێگەتیڤی هێناوەتە ئاراوە لەبواری رۆشنبیریو فەرهەنگی ئێمەدا..؟ من بۆ خۆم زۆربەی ناوچەکان گەڕاوم و پڕۆژەو جموجوڵم هەبووە، بەڵام ئەمەی تۆ باسی دەکەیت بەتاکە کەس و شتی واناکرێت و بەرنامەو خەمخواردنی دەستە جەمعی دەوێت.

ئەوجا هەستدەکەم کە ئێمە بەبەردەوامی قسە دەکەین، تەنها خەڵك بەخۆمانەوە گیرۆدە دەکەین، چونکە دەسەڵات ناخوێنێتەوە ناجوڵێت. ئەو چالاکییانەش کە حیزبەکان لەدەرەوەی شار دەیکەن، بۆنەو بابەتی حیزبی خۆیانەو ئێمە ئاگادار ناکانەوە. خۆ ئەگەر پێشمان بڵێن، ئێمە بۆ خۆمان باوەڕمان پێی نییە.

*** تۆ بەشێکی کێشەکەت گێڕایەوە بۆ ئەوەی کە لەنێوان رۆشنبیراندا پەیوەندییەکی پتەوو بەئاگایانە نییە، بەڵام ئێوە کە ئێستا ئەو پڕۆژەیەتان دەبەنە دەرەوەی شار، دەسەڵات نایبینێ و ئامادەنابێت.. کەواتە نیشاندانەوەی بیمارییەکان بەخودی ئەوانەی کە بۆ خۆیان بیمارن، جۆرێك لە بێ کاریگەریو بێ بەرهەمی پڕۆژەکەتان نیشان نادات..؟**

– ئەمە جەهلێکی گەورەیە، کاتێك کە دەسەڵات نایەتە ئەو کۆڕو سیمینارو چالاکییانەی رۆشنبیران ئەنجامی دەدەن. ئەگەر بشیێن، ئەوەندە بێموبالاتانەو بێبایەخانە دێن، نەیەن باشترە. ئێمە ئەوەندەی مەبەستمانە خەڵکەکە شتەکانیان بەجددی بگاتە گوێ، هێندە مەبەستمان دەسەڵات نییە، چونکە دەسەڵات ئەو هەموو شتەی نیشان دەدرێت و بۆی دەنوسرێت، کەچی دەسەڵاتێکی تەواو کۆنکرێتییەو هیچ شتێك کاری تێناکات. ئێمە لەکەیەوە خەریکین؟ ئیشەکانمان هەمووی کاری رەخنەیی و مەعریفی و رۆشنبیری و وەئاگاهێنانەوەیە لەسەر کۆمەڵگای دیموکراسی و مەدەنیو مافەکانی تاك و تەواوی مافەکانی مرۆڤ. هجومەکانمان هەمووی هجومی جوانن و بەردەوام کارمان لەسەرکردووە. دەسەڵات هەموو ئەوانەی پێ دەوترێت و نایەوێت ببیستێت. چەند جار سەردانی پەرلەمانی کوردستانمان کردووەو رەخنەمان لێگرتوون، بەڵام بەداخەوە ئەو شتانە نەدەبنە جێگەی گفتوگۆی دەسەڵات و نەقسەی لەسەر دەکەن. گرنگ ئەوەیە بەلای ئێمەوە. کە خەڵکێکمان هەیەو بەجددی گوێ دەگرێت و بەجددی موتابەعە دەکات.

